دارایی: فەرمانبەر لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی 60 ساڵی و کەتایی ساڵ خانەنشین دەبێت

وەزارەتی دارایی عێراق ڕونکردنەوەیەکی لەبارەی تەمەنی خانەنشینی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوەکردوە، فەرمانبەر دەبێت لەگەڵ گەیشتن بە تەمەنی 60 ساڵی و کەتایی ساڵ خانەنشین ببێت، نەک یەکەم ڕۆژی و بەبێ گوێدانە ساڵەکانی خزمەتکەی.

وەزارەتی دارایی، ئەمڕۆ چوارشەممە لە نوسراوێکی فەرمیدا بڵاویکردەوە، "بەرچاوگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی پرسیار کە بە وەزارەتەکە گەیشتوە، سەبارەت بە تەمەنی یاسایی خانەنشینی بەپێی مادەی (10/یەکەم)ی یاسای خانەنشینی یەکگرتو ژمارە (9)ی ساڵی 2014 کە بەیاسای ژمارە (26)ی ساڵی 2019 هەموار کراوەتەوە، دەمانەوێت ئەوە ڕون بکەینەوە کە فەرمانبەران لە تەمەنی 60 ساڵی ڕەوانەی خانەنشینی دەکرێت".

وەزارەتەکە پشتڕاستی کردەوە، "تەمەنە یاساییەکان بە خانەنشینی بەبێ گوێدانە ماوەی خزمەتکردنی فەرمانبەرەکەیە و دوای تەواوکردنی 60 ساڵ خانەنشین دەبێت، ئەوەش لەکاتێکدایە کە 60 ساڵی تەواو بکات نەك لە یەکەم ڕۆژیدا بێت".